# کەفارەتی نەزر کردن وەکو کەفارەتی سوێند خواردنە

لە عوقبە کوڕی عامرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«کەفارەتی نەزر کردن وەکو کەفارەتی سوێند خواردنە».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: کەفارەتی نەزر کردن وەکو کەفارەتی سوێند خواردنە؛ ئەم کەفارەتەش بریتیە لە: -خواردن بەخشین بە دە هەژار، یان دابینکردنی جل وبەرگ بۆیان، یان ئازادکردنی بەندەیەک -کۆیلەیەک- لە کۆیلایەتی، ئەگەر کەسەکە نەیتوانی یەکێک لەمانە ئەنجامبدات ئەوا دەبێت سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت، ئەمە ئەگەر کەسەکە نەزرەکەی جێبەجێ نەکرد، وئەو نەزرانەی مەبەستن چەند جۆرێکن: 1- نەزری دیاری نەکراو، وەکو ئەوەی بڵێت: نەزرێک لەسەرمە بۆ خوای گەورە، وناوێکی هیچ شتێک نەهێنێت، یان نەزرێک لەسەرمە بۆ خوای گەورە ئەگەر ئاوا وئاوا ڕوویدات، ئەگەر ئەم نەزرەی جێبەجێ نەکرد ئەوا دەبێت کەفارەتەکەی بدات. 2- نەزر بکات بۆ کردنی تاوانێک، یان وازهێنان لە واجبێک لە واجبەکان کە لەسەریەتی جێبەجێی بکات، لەم حاڵەتەدا نابێت نەزرەکە جێبەجێ بکات چونکە تاوانە وهەروەها دەبێت کەفارەتەکەی بدات بەهۆی ئەم فەرموودەیە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (لا نذر في معصية وكفارته كفارة يمين) [رواه الخمسة وصححه الألباني] واتە: (هیچ نەزرێک جێبەجێ ناکرێت لە کردنی تاواندا، وکەفارەتەکەی کەفارەتی سوێند خواردنە). 3- نەزرێک بکات کە زۆر قورس وناڕەحەتە لەسەری؛ وەکو پەرستنێکی بەردەوام، یان بەخشینێکی زۆر لە سامان، لێرەدا ئەگەر نەزرەکەی جێبەجی نەکرد دەبێت کەفارەتەکەی بدات هەروەکو لەم گێڕانەوەیەدا هاتووە: (عن عائشة -رضي الله عنها- في رجلٍ جعل ماله للمساكين صدقة، فقالت: كفارة يمين) [أخرجه البيهقي] واتە: (لە عائیشەوە هاتووە -ڕەزای خوای لێبێت- سەبارەت بە پیاوێک کە نەزری کردبوو -هەندێک- لە سامانەکەی وەکو خێر ببەخشێت بە هەژار -واتا ناتوانێت بەردەوام بێت لەسەر ئەم نەزرە-، عائیشە ووتی: کەفارەتەکەی -کەفارەتی- سوێند خواردنە). 4- نەزری ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان وەکو نوێژ، ڕۆژوو، وحەج وعومرە کردن، بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، با نەزرەکەی جێبەجێ بکات، ئەگەر نەزرەکەی دیاری نەکراو بێت، یان بیبەستێتەوە بە بەدەستهێنانی نیعمەتێک یان نەمانی ناخۆشییەک، وەکو ئەوەی بڵێت: ئەگەر خوای گەورە شیفام بدات لەو نەخۆشییە، یان فڵان کەس بگەڕێتەوە، وهاوشێوەی ئەمانە؛ ئەوا نەزر بێت لەسەرم ئەمە وئەوە ئەنجام بدەم، یان سوێند بخوات بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە خوای گەورە وەکو ئەوەی بڵێت: ئەگەر سامانەکەم بۆ بگەڕێتەوە وپارێزراو بێت ئەوا ئەوەندە وئەوەندە دەکەمە خێر، لێرەدا با نەزرەکەی جێبەجی بکات ئەگەر مەرج وحاڵەت گونجاو بوو.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64675

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee